# سودانی دەستپێکردنی کارە جێبەجێکارییەکانی پڕۆژەی پەرەپێدانی شاری نیشتەجێبوونی فورسان لە شاری نەهرەوان ڕادەگەیەنێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شەیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە، کارە جێبەجێکارییەکانی پڕۆژەی پەرەپێدانی شاری نیشتەجێبوونی ئەلفورسان لە ناوچەی نەهرەوان لە بەغداد دەستپێدەکات

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شەیاع سودانی کارە جێبەجێکارییەکانی پڕۆژەی پەرەپێدانی شاری نیشتەجێبوونی ئەلفورسان لە ناوچەی نەهرەوان لە بەغداد دەستپێدەکات".

ڕاگەیەندراوەکە وتیشی پڕۆژەکە کە بریتییە لە تەرخانکردنی زەوی نیشتەجێبوون بۆ دابەشکردنی بەسەر کارمەندانی وەزارەتی بەرگریدا.